کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 18:23 6-12-2007

**شاخەوان شۆڕش: باشوری کوردستاندا گەلێکی زۆر یەکگرتوو نییە، ئەمەش گەلی کورد لە هاوکێشەکاندا لاواز دەکات ... ئا: ئاسۆ**



بەهۆی بونی چەکدارانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە ناوچوسنورییەکانی هەرێمی کوردستان، ماوەی مانگێك زیاترە قەیرانێك کەوتۆتەنێوان سنوری هەریمی کوردستان و وڵاتی تورکیا هەڕەشەی لەشکرکێشی سوپای تورك، بۆسەر هەرێمی کوردستان، نێوەندی سیاسی ناوچەی و نێودەوڵەتیش بەخۆیەوە سەرقاڵ کردوە تێکرای نیوەندە سیاسیەکانی جیهان داوا لە هەرێمی کوردستان و تورکیا دەکەن کە بەشێوەیەکی سیاسیو دوور لەبکار هێنانی چەك کێشەکانیان چارەسەر بکەن و ڕێگاچارەی دبلۆماسی بۆکێشەکان بکەن ڕێگەرچارەی سەرەتاو کۆتای. بارودۆخەکەش ئەوەی لێ چاوڕوان دەکرێت کە ئەم قەیرانە بەڕێگا چارە ئاشتی چارەسەر کرێت. ئەوەی کەئێستا لەنێوەندی سیاسیو ڕۆژنامەوانی دە بێتە پرسیارو موشتومڕێکی گەرم درووست دەکات، ئایا سەر کردایەتی کوردستان دەتوانێت لەرێگایی دبلۆماسیو گفتو گۆی سیاسیەوە دۆخەکە بەقازانجی هەرێمی کوردستان بەرێت یان بەپێچەوانەوە کورد لەم ململانێیەدا توشی شکست دەبێت ئەمە ئەو پرسیارەیە کەپێویستە شرۆڤەبکرێت. شاخەوان شۆڕش، نوسەرورووناکبیر لە هەمبەر ئەم پرسەوە بەم شێوەیە بۆچونی خۆی دەخاتە ڕوو.

ئاڵا:دیبلۆماسیەتی کوردیی تاچەند توانیویەتی لەم قۆناخەدا بەر بەهەوڵەکانی تورك بگرێت بۆ لەشکرکێشی کردنە سەر هەرێمی کوردستان و پوچەڵکردنەوەی پلانی تورکەکان

شاخەوان شۆڕش: سەبارەت بەو پرسیارە ڕوونکردنەوەیەکی کورت لەسەر بنچینەی کاری دیپلۆماسی ڕەوادا، هەروەها جۆری جوڵانی دیپلۆماسی دەسەڵاتی کوردی بە پێویست دەزانم. کاری دیپلۆماسی هەر ستاتێك یا کۆمەڵگەیەک پەیوەستدارە بە بەرژەوەندییەکانی ئەو شوێنە و پۆلیتیکی دەسەڵاتەکە. دیارە جۆری دەسەلات ڕۆڵی دیار لە شێوەی هەوڵە دیپلۆماسیەکاندا دەبینێت. مەرج نییە ئارەزوو و بەرژەوەندی دەسەڵات لەگەڵ ئارەزوو و بەرژەوەندی گەلدا یەکسان بێت، ئەوە لە بوونی دەسەڵاتی نادیموکراسیدا ئەگەری بوونی زۆرە. تەبایی لە نێوان ئەو دوو لایەندا واتە بەرژەوەندی گەل و دەسەڵات لە وڵاتە دیموکراسی و ئازادەکاندا بوونی لە ئاستێکی بەرز و گونجاودایە. دیپلۆماسیەتی گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی گەلدا، کاتێ دەکرێ گونجاو بێت، ئەگەر سەرچاوە لە دەسەڵاتێکەوە وەرگرێت کە بنچینە لەسەر پێگە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییە ئازاد و دانپێندراوە خەڵکییەکان بگرێت، بەمجۆرە ڕەنگ لە بەرژەوەند و ئامانجێك بداتەوە، کە لەگەڵ ویست و متمانەی گەلدا یەکدەگرێتەوە. ئەو جۆرە دەسەڵاتە کە بوونی دیپلۆماسیەتێکی پشتئەستور ڕەوا دەکات، لە کۆمەڵگەیەکدا ئەگەری بوونی هەیە، کە کۆمەڵگەکە سەربەخۆ و ئازاد بێت، لەسەر بنچینەی پرەنسیپە دیموکراسی و ئازدەکاندا دامەزرابێت، بەمجۆرە دەسەلات متمانە و پشتگیری تۆکمانەی خەڵکی هەبێت. لە باشوری کوردستاندا کۆمەڵگەی کوردی سەربەخۆ نییە و خاوەنی سەروەری نییە، هەروەها دیپلۆماسیەتی دەسەڵاتداران بنچینە لەسەر بوونی دەسەلاتێک ناگرێت کە خاوەنی متمانەی تۆکمەی خەڵکی بێت. جگەلەوەی هەوڵی دیپلۆماسیانەی بەرپرسانی باشوری کوردستان دەرز و ناتەبایی تێدا هەیە، بەهۆی لە لایەک پارتدەسەلاتی و بەرژەوەندیەکانی پارت کە ڕۆڵی خۆیان لە پێشهاتە چارەنوسسازەکاندا بە دیاری دەگێرن، لە لایەکیتر بەهۆی ناتەبایی شاراوە لە ئامانجەکاندا. بەهۆی دوو دەسەڵاتی، دوو بەرژەوەندی و دوو لایەنی ی.ن.ک و پ.د.ک، گەلی کورد لە باشوری کوردستاندا گەلێکی زۆر یەکگرتوو نییە، ئەمەش گەلی کورد لە هاوکێشەکاندا لاواز دەکات و پێشان دەدات. دیپلۆماسیەتێک ئەو باکگراوندە لاوازەی هەبێت، جێگای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چاوەڕوانی زۆری گەل نابێت. دیارە دەکرێ لەم بارەشدا دیپلۆماسیەت بە هۆی بوونی ئەکتەری گونجاو کاریگەری هەبێت و ئەو کەموکوڕیانە بشارێتەوە. بەلام کێشەکە سەختتر دەبێت ئەگەر نوێنەرانی دەسەلات لە ئاوازێکی جیاواز لە بەرژەوەندیەکانی گەل یا نەتەوەییەکان بخوێنن. یا بەجۆرێ بدوێن و هەنگاو بنێن، کە لەگەڵ پێشبینی و چاوەڕوانیەکانی خەڵک جیاواز یا ناتەبا بن، لەم بارەدا دیپلۆماسیەت هەول بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک دەدات کە لەگەڵ بەرژەوەندی تەنیای دەسەلاتدا گونجاوە، کە بێگومان دەسەلات وەکو بەرژەوەندی گەل پاکانەی بۆ دەکات، بەلام ئایا هەنگاوە دیپلۆماسیەکان چەندە ڕەچاوی بەرژەوەندیەکانی گەل دەکەن؟ هەروەها دەکرێ بپرسرێ بەرژەوەندی گەل کامەیە و سنورەکانی چۆن وێنە دەکرێن؟ ئایا مەبەست لەبەرژەوەندی گەلی کورد تەنها ئەو بەرژەوەندیەیە کە لە چوارچێوەی تێرمی بەرژەوەندی ستاتەکان شوێنی دەبێتەوە؟

دیپلۆماسیەتی کوردی کە بنچینە لەسەر بەرژەوەندی و ئارەزووەکانی دەسەلاتی ی.ن.ک و پ.د.ک دەگرێت، سەرەتا بەرژەوەندی گەلی کورد لە باشور بە ڕکی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان جیا دەکاتەوە، هەوڵی خۆ گونجاندن لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ستاتە داگیرکەرەکان بە تایبەتی دەدات، هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ بەرژەوەندی ئێراق کە سەرداریی و سەروەری باشوری کوردستانی بەدەستە، دەدات. جگەلەوەی هەمیشە خەبات بۆ دانپێنان لەو بوارانەدا لە لایەن دەسەلاتە بەرزترەکان هەمیشە دەکات. ئەو هەوڵی دانپێنانە خودی ڕەوتەکەی ئەوان پێویستی دەکات.

بەواتایەکی دیکە دیپلۆماسیەتی بەرپرسانی ی.ن.ک و پ.د.ک جگە لەو لاوازییە نەتەوەییەکەی، بنچینە لەسەر ڕەوتی ئێراقچیەتی دەگرێت، واتە ئێراقیبوون و هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندیە ناسیونالەکانی ئێراق ئەرکیانە، هەنگاوەکانیان بەجۆرێک دەبێ کە ڕەچاوی ئەو بەرژەوەندییە ناسیونالە ئێراقییە دەکات. سەنگایی و پارسەنگی نێوان بەرژەوەندی هەرێم و ستات بە هەوڵەکانی ئەوان و توانایانەوە، هەروەها بە بەرژەوەندیەکانیانەوە بەندە. بۆیە پێوانەکردنی سەرکەوتوویی هەوڵی دیپلۆماسی پەیوەندی بەوەوە هەیە لەچی ڕوانگەیەکەوە مرۆ دەڕوانێتە کارەکە، یا بۆچی مەبەستێک ئەو هەوڵە دراوە و دەدرێت.

ڕەوتی ئێراقچیەتی و پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئێراق لەگەل ئارەزوو و ئاواتەکانی گەلی کورد کێشەیان هەیە. بۆیە هەوڵە دیپلۆماسیەکان کە لەو دیدە ئێراقچیانەوە هەنگاو دەنێت، سەختە بتوانێ کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤی جەماوەری بەدەست بهێنێت. بەلام لەهەمان کاتدا دەکرێ لەمەبەست سەرکەوتوو بێت و بەوپێیە بێت کە دەسەلات چاوەڕوانیەتی.

ئالا:دەتوانین بڵێین سەرکردایەتی کوردستان لەم شەڕە سیاسیە سەر کەوتودەبیت یان بەپێ چەوانەوە دەبێت.

شاخەوان شۆڕش:هەڵسوکەوتی دەسەلاتدارانی کوردی سەبارەت بە هەرەشەکانی تورکیا کە کران و ڕوویاندا، بەر لەهەر شتێ هەوڵە دیپلۆماسیەکە لە چوارچێوەی ئێراقیبوون، پاراستنی بەرژەوەندیی ستاتی ئێراق و ئەکتەرە دەرەکیەکان جولا و هەنگاوی نا. ئەوان هەوڵیان دا لەوڕێگەیەوە بەر بە جێبەجێکردنی هەرەشەی هێرش بگرن. زۆر بە دیاری خۆیان لە پرسی کورد و بەرژەوەدنیەکانی کورد پاراست، بەرژەوەندی کوردی باشور خرایە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئێراق و لەوێوە هەوڵی بەرگریکردنی درا وەکو بەشێک لە بەرژەوەندیەکانی ئێراق. جگەلەوەی لەهەمان کاتدا هەوڵی دانپێنانیشی لەگەڵ دابوو، وەکو پێشتر گوترا. ئەو هەوڵە دیپلۆماسییە هیچ یاخیبوونێک یا بەرزکردنەوەی داواکاریی نامۆ بە بەرژەوەندی ستاتەکانی تێدا نەبوو، بۆیە هەوڵەکە دیاردەیەک نەبوو جیاواز بێت لە هەوڵە دیپلۆماسیەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا بۆنمونە. هەوڵەکە خۆی خستە پەنای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دیپلۆماسیەتی ئەمەریکایی و رۆژئاوایی کە بەلای تورکیا لارن، وە دەنگی خۆی لەگەڵ ئەوان یەکخست. لە هەوڵەکەدا خۆ پاراستن بە پلەی یەک هەوڵی بۆ درا، هەروەها هەمان ئەو پرەنسیپە پیادە کرا کە نکۆڵیکردن لە مافی گەلی کورد لە باکور دەگرێتەخۆی. جگەلەوەی هەوڵەکە کۆمەڵێ بەڵێنێ دایە تورکیا، لەبەرامبەریدا ئەو هێرش نەکات، یەک مەرجی لەسەر تورکیا بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیادا لە چوارچێوەدا نەبوو. هەروەها دژی لێدانی پ.ک.ک نەوەستا، بەڵکو پشتگیری راستەوخۆ و ناراستەوخۆی پیشاندا، بە مەرجێک زیان بەوان نەگات. ئەوەی ئەوان لەو هەوڵەدا بەدەستیان هێنا یا بەئەگەری زۆر دەکرێ بەدەستی بێنن، پاراستنی خۆیان بوو لە کێشەکە، بەمجۆرە پاراستنی بەرژەوەندی و دەسەڵاتیان لە باشور. بۆیە ئەگەر تەنها لەو روانگەیەوە سەیری هەوڵی ئەوان بکەین، ئەوا دەتوانرێ بگوترێ ئەوان تارادەیەکی باش توانیان خۆیان لەو کێشەیە ئەگەر بۆماوەیەکی کورتیش بێت بپارێزن. ئەوەش دیارە کۆمەڵی رەزیلکردن و دانپێنانی لەگەڵ دابوو. هەروەکو تورکەکان بەڵێنی لێدانی پ.ک.ک یان دراوەتێ و ئەمجارەیان بە کردەوە هەنگاو هەیە، جگەلەوەی تورکیا تارادەیەک دەرگەی دەستێوەردانی ناو ئێراقی بۆ کرایەوە. بۆیە تورکیا براوەیە لەو گەمە سەربازی و رامیارییەی هاتەدی.

بەڵام ئایا ئەو هەوڵە تا چەند رەنگ لەبەرژەوەندی گەلی کورد دەداتەوە، یا ئایا تا چەند بەرژەوەندی گەلی کورد لە ئاست بەرژەوەندی ئێراقدا سەنگایی هەبووە ئەوە پرسیاری دیکەن. دیارە لەبەر بوونی نامۆیی لە نێوان بەرژەوەندی گەل و بەرژەوەندی دەسەڵاتدا، لە لایەن زۆر لە خەڵکی کوردستانەوە ئەو هەوڵ و هەنگاوانەی دەسەلاتی کوردی جێگای رەخنە و سەرزەنشت کردن بوون.

وەکو گوترا هەوڵەکەی سەرکردایەتی کوردی دەچیتە ئەو چوارچێوەیەی کە لەگەڵ تێرمی بەرژەوەندی ستاتەکان و وڵاتانی ناوچە گونجاوە، بۆیە لەم رێگەیەوە تێگەیشتنێکی لە لایەن ئەو ئەکتەرانەوە هەیە، بەمجۆرە لەم قۆناغەدا هەرەشەی تورکیا ساردکرایەوە، بێگومان بە دانپێنان بۆ تورکیا و پۆلیتیکی پاکسازیی تورکیا، بە پشتکردن لە پ.ک.ک و سەنگەرگرتن لێی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.